# لێبوردنی بەرەی کوردستانیو لێبوردنی نیلسۆن ماندێلا کوجا مەرحەبا......؟!

دیار عەزیز شەریف

ئەو شەوە لە بەرنامەی "پەیڤین"ی تەلەفزیۆنی ئازادی دا بەڕێز سەلاح مەزن میوانی بەرنامەیەکی تایبەتی پێشکەشکار هاوڕێ هۆشەنگ لەبارەی یادی کیمیابارانی هەڵەبجەدا لە وەڵامی پرسیاری برادەرێك کە لەڕێی تەلەفۆنەوە موداخەلەیەکی کردو زۆر بەنیگەرانییەوە پەنجەی خستە سەر کوردە جاشەکانی سەردەمی ڕژێمو ئامارەی بەوەدا کە تاوانباری لە پێشترو نزیکتر لە عەلی کیمیاوی هەنە، کەچی کەس ناویشیان ناهێنێت؟! ناوهێنان بەمانا تاوانبارییەکەی لەڕووی یاساییەوە.......وتی "بەرەی کوردستانی دوای ڕاپەڕین بڕیاری لێبوردنی بۆ هەموو جاشو کۆنە بەعسیەکان دەرکرد" ئەو شەوە چەندین جار لەو بڕیارە حەکیمانەی بەرەی کوردستانی ڕامام! باشە بەرەی کوردستانی بەچ هەقێك ئەو بڕیارەی دا؟ ئایا بەرەی کوردستانی کە کوتلەیەکی سیاسی سەرەتاکانی ڕاپەڕین بوو بۆ بڕیارێکی وا قورسو چارەنووسساز لە پێشدا بۆ ڕای خەڵکی کوردستان گەڕابووەوە؟ ئەی بەچ پێوەرو بنەمایەك حزبە کوردییەکان بەبێ گوێدانە خەڵكو پرس پێکردنی جەماوەر بوێری دەرکردنی بڕیارێکی وا ڕەمەکییانەیان کرد؟! کاتێك بەرەی کوردستانی لە دەرکردنی بڕیاری لێخۆشبوونی جاشو کوردە بەعسیەکان پرس بە خەڵکی کوردستان ناکات مانای فەرامۆشکردنو بەهیچ نەزانینی میللەت نەبێت چیدیکە دەگەیەنێت؟! ئەوە تەنیا لە فەرهەنگی دیکتاتۆرەکاندایە کە بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای گشتی خەڵك بڕیار لەسەر دوێنیو ئێستاو داهاتووی نەتەوە دەدەن، لەوەش خەتەرناکتر گرتنەبەری سیاسەتی باوەشکردنەوە بە هێزی جاشو کۆنە بەعسیەکان بوو لە دوای بڕیارە نامێژووییەکەی بەرەی کوردستانی لەلایەن هەندێك حزبی کوردستانییەوە !

مەبەستی من لەم وتارە دەستبەکاربوونی کۆنە بەعسیەکانو ئەنفالچییەکان نییە لەنێو ئیدارەی ئێستای هەرێمی کوردستان، بەڵکو هەنگاوێك پێش ئەو دەسبەکاربوونو سەربەستییەی ئەو برادەرانەیە کە ڕۆژانێك چاوساغی شوڤێنییە بەعسیەکان بوون لە کوردستاندا بۆ تەسلیمکردنی رۆحی ئینسانی کورد، ئەو هەنگاوەش ڕێك ئەو "بڕیارەی بەرەی کوردستانییە" دەرکردنی بڕیاری لێبوردنی گشتی بۆ کۆنە بەعسیەکان؟! ئینجا وێڕای بەراوردکردنی کارەکانی "کوردە بەعسیەکان" لەسەردەمی ڕژێمدا لەگەڵ پلو پایەو دەسەڵاتیان لە ئێستادا؟ نیلسۆن ماندێلا کە ئازادکراو دەسەڵاتی گرتە دەست ئەویش لە ئەفریقییە خۆفرۆشەکان خۆشبوو؟ لەوەش بێ بەرپرسیارتر ئەو خائینانەی کردە دەسەڵاتدار بەسەر گەلەکەیەوە کە ماندێلایان بە شیاوی حوکم دەزانی؟! وەك ئەو برادەرەی کە ئەو شەوە لە بەرنامەکەی تی ڤی ئازادی وتی ماندێلا دوای سەرکەوتنی شۆڕشە سپییەکەی خۆفرۆشانی دادگا کرد بەوەی کە ناچاری کردن لەبەرچاوی میللەت دان بە یەکە یەکەی تاوانو زوڵمەکانیان بێنن کە لەماوەی حوکمی دیکتاتۆرییاندا بەسەر خەڵکیان هێنابوو، ئینجا ماندێلا داوای لێکردن تاوانباران داوای لێبوردن لە خەڵك بکەن! پاشان خۆ ماندێلا نەهات ئەو خۆفرۆشو ئینسانکوژانە بکاتە لێپرسراوو داهاتی وڵاتیان بەدەمەوە بکات، بەڵکو بۆ ئەبەد لە دەسەڵاتی دوورخستنەوە! بەڵام لای خۆمان لەبری ئەوەی جاشو بەعسیەکان لە دادگاییو لێپێچینەوەیەکی ڕەسمیدا داوای لێبوردن بکەن، ئەوا یەکسەر حزبە کوردستانیەکان لە هەنگاوێکی چاوەڕواننەکراودا لێبوردنی بۆ دەرکردن! ئاخر کەیو لە کوێی ئەم دونیایەدا ئەوە ڕوویداوە کە شۆڕشی میللی دوای ڕشتنی خوێنێکی زۆر سەربگرێ کەچی هەر لە بەرەبەیانی ڕاپەڕینەوە بەبێ هیچ لێپێچینەوەیەك خائینانی

**ناوخۆ سەرپشك بكاتو بيان نێرێتەماڵەوە؟ ئینسان بۆ مێژوو بڵێ ئەو كاتەی كە بڕیارەكەی بەرەی كوردستانی بەبێ وەرگرتنی ڕای جەماوەر دەرچووبوو، هاوڕێ عەزیز محەمەد لە وتارێكیدا لەبەرامبەر خەڵكی شاری هەولێر وتی "با لێبوردنی گشتی بۆ بەعسی و جاش و موستەشارەكان دەربكرێت، بەڵام با نەكرێنە لێپرسراوو كاربەدەست" دیارە ئەو كات ئەو پیاوە دەیزانی كە هەر زوو ململانێی حزبی لە كوردستان بەسەر هەموو مەقایس و پێوەرە نیشتیمانی و نەتەوەیی و مێژووییەكان و ئەخلاقییەكانەوە بازدەدات تەنها بۆ كەڵەكەكردنی هێزو ژمارەی ئەندامان حیزبی كوردی هێزی عەشایەری پڕچەك دەكاتەوەو موستەشارەكان دەكاتەوە بە بەشێك لە میلیشیای حیزبی، بەمەش شەڕ لەسەر بالانسی نفوزی حیزبی لە كوردستان كرا؟ لەدواییدا بەرەی كوردستانی بەهەموو ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەی كە تێیدا بەشداربوونە لەڕووی مێژووییەوە بەرپرسیارن بەرامبەر بە چارەنووسی خەڵكی كوردستان و مێژووە خوێناوییەكەی بەدەست بەعسسەوە، بەهۆی دەركردنی بڕیاری لێبوردنی كوردە بەعسیەكان و تەواوی ئەو كوردانەی هێزێكی چەكدارو ئەمنی ڕژێمی بەعس بوونەو دەستیان هەبووە لە ئازاردان و كوشتنی ئینسانی كورد لەسەر ئاستی تاكە كەسییەوە تا دەگاتە پرۆسە بەدناوەكانی ئەنفال و كیمیابارانكردنی هەڵەبجەو شەڕی پێشمەرگەو چەندین تاوانی دیكە كە بەداخەوە تائێستا پەردەپۆش كراون؟**

diaryaziz74@yahoo.com